وەزارەتی کار : 45 هەزار منداڵی بە باوک داوایان کردووە بە ئەوەی بخرێنە ناو لیستی مووچەی پاراستنی کۆمەڵایەتی

ئەمە یەکشەممە،وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارەی ئەو منداڵە بە باوکانەی ئاشکرا کرد کە سودمەندن لە مووچەی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

"نەجم عوقابی " وتەبێژی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند:دوای کردنەوەی پێنجەرەی ئەلیکترۆنی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا،زیاتر لە دوو ملیۆن خێزان داوایان پێشکێشکرد بە ئەوەی بخرێنە ناو لیستی پاراستنی کۆمەڵاتیەوە،کە توانرا تا ڕادەیەکی زۆر باش کاری لەسەر بکرێت و وردبینی تێدا بکرێت.

عەقابی ووتیشی :- چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پرسی بەدواداچونی کۆمەڵایەتی بە ئەو منداڵە بە باوکانە دەستیپێکرد کە لە ڕێگەی پێنجەرەی ئەلیکترۆنیەوە داواکاری پێشکێش کردبوو، و ژمارەیان زیاتر لە ٤٥ هەزار منداڵی بە باوکە لە بەغدا و پارێزگاکان.